# خوای گەورە و شکۆمەند ئەم ئایەتانەی دابەزاند: {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمِ الْكَافِرُونَ}

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: خوای گەورە و شکۆمەند ئەم ئایەتانەی دابەزاند: {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمِ الْكَافِرُونَ} و {فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ} و {فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ} [المائدة: 44،45،47] واتە: {وە هەرکەسێک حوکم نەکات بەوەی کە خودا دایبەزاندووە، ئەوانە کافرن (بێباوەڕن)} و {ئەوانە ستەمکارن} و {ئەوانە فاسقن -یاخیبوو وسەرپێچیکارن-}، ئیبن عەباس دەڵێت: خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند دەربارەی دوو کۆمەڵە لە جوولەکەکان، یەکێکیان ئەوی تریانی بەزاند بوو لە سەردەمی جاهیلیەتدا، هەتا گەیشتنە ڕێککەوتن وئاشتەواییان کرد؛ بەپێی ئەو ڕێککەوتنە خوێنبایی (دیە)ی هەر کەسێک لە کۆمەڵە لاوازەکە کە لەلایەن کۆمەڵە باڵادەستەکەوە کوژراوە پەنجا (وەسق)^ بوو، و خوێنبایی هەر کەسێک لە کۆمەڵە باڵادەستەکە کە لەلایەن کۆمەڵە لاوازەکەوە کوژراوە؛ سەد (وەسق) بوو، ئەوان پابەندی ئەمە بوون هەتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە؛ پاشان هەردوو کۆمەڵەکە ملکەچ بوون بەهۆی هاتنی پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-، و لەو کاتەدا (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) بە تەواوی زاڵ نەبوو بەسەر دوژمنەکانیدا، وناچاریانی نەکردبوو بۆ گوێڕایەڵیکردنی، وپەیمانی لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەکەدا هەبوو، پاشان کۆمەڵە لاوازەکە کەسێکی لە کۆمەڵە باڵادەستەکە کوشت، و کۆمەڵەی باڵادەست پەیامێکی بۆ کۆمەڵە لاوازەکە نارد، ووتیان: سەد (وەسق)مان بۆ بنێرن، کۆمەڵە لاوازەکە ووتیان: ئایا هیچ کاتێک ڕێککەوتنێک هەبووە لە نێوان دوو هۆزدا کە شوێنکەوتووی یەک ئایین بن، و یەک ڕەچەڵەکیان هەبێت و لە یەک شاردا بژین، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە خوێنبایی هەندێکیان نیوەی خوێنبایی ئەوانی تر بێت؟ ئێمە تەنها لەبەرئەوە ئەو ڕێککەوتنەمان قبوڵ کرد چونکە ئێوە بە زۆر وستەم بەسەرتاندا سەپاندین و لێتان دەترساین، بەڵام ئێستا موحەممەد هاتووە و چیتر ئەوەندەتان پێنادەین (ئەم ڕێککەوتنە قبوڵ ناکەین)، خەریک بوو شەڕ لە نێوانیاندا هەڵبگیرسێت، پاشان ڕێککەوتن کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بکەنە دادوەر لە نێوانیاندا، ئینجا کۆمەڵە باڵادەستەکە تێگەیشتن (و بە یەکتریان ووت): سوێند بە خودا، موحەممەد ڕێککەوتنێکتان بۆ دانانێت کە دوو هێندەی ئەوەتان بدرێتێ کە بە ئەوان دەدرێت، ئەوانیش ڕاستیان دەکرد؛ تەنها لەبەرئەوە ئەو ڕێککەوتنەیان قبوڵ کردبوو چونکە بە زۆر وبە ستەم بەسەریاندا سەپێنرا بوو، پەیامێکیان بۆ موحەممەد نارد تا بزانن ڕای چییە: ئەگەر ئەوەی دەتانەوێت پێی دان؛ ئەوا بیکەنە دادوەر، و ئەگەر ئەوەی دەتانەوێت پێی نەدان؛ ئەوا بکشێنەوە و مەیکەنە دادوەر، ئەوان یەکێک لە دووڕووەکانیان نارد بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی بزانێت ڕای پێغەمبەری خودا چییە -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک هاتە لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ خودا پێغەمبەرەکەی ئاگادار کردەوە لەوەی کە باسیان چییە وهەوڵی چی دەدەن، و خوای گەورە و شکۆمەند ئەم ئایەتانەی دابەزاند: {يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الذِينَ قَالُوا آمَنَّا} [المائدة: 41] واتە: {ئەی پێغەمبەر (-صلى الله عليه وسلم-) با ئەوانەی کە پەلە دەکەن لە چوونە ناو بێباوەڕییەوە خەمبارت نەکەن، لەوانەی کە دەڵێن ئێمە باوەڕمان هێناوە}؛ هەتاوەکو دەفەرموێت: {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمِ الْفَاسِقُونَ} [المائدة: 47] {وە هەرکەسێک حوکم نەکات بەوەی کە خودا دایبەزاندووە، ئەوانە فاسقن}، پاشان (ئیبن عەباس) ووتی: والله ئەم ئایەتانە دەربارەی ئەوان [هەردوو کۆمەڵەکە] دابەزیووە، و خودا لەم ئایەتانەدا ئاماژەی پێکردوون. ^(وەسق: یەکەیەکی پێوانی کێشە یەکسانە بە (شەست ساع، وهەر ساعێك چوار گوێلە

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە)]

هۆزەکانی بەنی قورەیزە و بەنی نەزیر لە جوولەکانی مەدینە بوون، یەکێکیان لە سەردەمی نەفامیدا (لە جاهلیەتدا)

ئەوی تری تێکشاند بوو و زاڵ بوو بەسەریدا، بۆیە ڕێککەوتن و ئاشتەواییان ئەنجامدا لەسەر ئەوەی هەر کوژراوێک کە هۆزە بەهێزەکە بیکوژێت لە هۆزە لاوازەکە؛ ئەوا خوێنباییەکەی -دیەکەی- تەنها پەنجا (وەسق) دەبێت، و هەر کوژراوێک کە هۆزە لاوازەکە بیکوژێت لە هۆزە بەهێزەکە؛ خوێنباییەکەی دوو هێندە دەبێت، واتە سەد (وەسق)، و هەر وەسقێکیش شەست (ساعە). لەسەر ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بوون هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی کرد بۆ مەدینە، و هەردوو هۆزەکە ملکەچی هاتنی پێغەمبەر بوون -صلى الله عليه وسلم-، و لەو کاتەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێشتا بە تەواوی سەرنەکەوتبوو بەسەر دوژمنەکانیدا و ملکەچی نەکردبوون بۆ گوێڕایەڵیکردنی؛ چونکە ئەم باسە لە سەرەتای کۆچکردن و لە قۆناغی ئاشتەوایی و پەیماندا بوو. ئینجا هۆزە لاوازەکە کەسێکی لە هۆزە بەهێزەکە کوشت، هۆزە بەهێزەکە پەیامێکیان نارد بۆ هۆزە لاوازەکە: سەد (وەسقمان) بۆ بنێرن بە پێی ڕێککەوتنەکە، هۆزە لاوازەکە ووتیان: ئایا شتی وا لە نێوان کام دوو هۆزدا ڕوویداوە کە ئاین و ڕەچەڵەک و شاریان یەک بێت، بەڵام خوێنبایی یەکێکیان نیوەی خوێنبایی ئەوی تر بێت؟! ئێمە پێشتر کە ئەو بڕەمان پێداون بەهۆی ستەمی ئێوە و ترسمان لێتان، بەڵام ئێستا کە موحەممەد هاتووە؛ هەرگیز ئەو بڕەتان پێ نادەین. خەریک بوو شەڕ لە نێوانیاندا هەڵبگیرسێت، پاشان ڕازی بوون لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دادوەری بکات لە نێوانیاندا، پاشان هۆزە بەهێزەکە بیریان کردەوە، ووتیان: سوێند بە خودا، موحەممەد دوو هێندەی ئەوەتان پێنادات کە ئەوان دەیدەن بە ئێوە، ئەوانیش ڕاستیان کرد؛ بەهۆی ستەم و زاڵبوونمان ئەو بڕەمان پێدەدەن، بۆیە بە نهێنی کەسێکیان نارد بۆ لای موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی ڕاوبۆچوونی ئەو بزانێت، ئەگەر ئەوەی دەیانەوێت؛ پێی دان، ئەوا بیکەنە دادوەر، و ئەگەر ئەوەی ئارەزووی دەکەن؛ پێی نەدان، ئەوا وازی لێ بهێنن و نایکەنە دادوەر لە نێوانماندا. بۆیە بە نهێنی چەند کەسێکیان لە دووڕووەکان (لە مونافیقەکان) نارد بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆئەوەی ڕای ئەو بزانن، کاتێک هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، خوای گەورە وەحی دابەزاند و پێغەمبەری ئاگادار کردەوە لە هەموو کار و نیازیان، الله -عز وجل- لە سورەتی -المائدة-دا ئەم ئایەتانەی دابەزاند: {يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الذِينَ قَالُوا آمَنَّا} [المائدة: 41] واتە: {ئەی پێغەمبەر، با غەمبارت نەکەن ئەوانەی کە پەلە دەکەن لە کوفردا لەوانەی کە بە دەم دەیانووت باوەڕمان هێناوە}. هەتاوەکو کە دەفەرموێت: {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمِ الْفَاسِقُونَ} [المائدة: 47] واتە: {و هەرکەسێک دادوەری نەکات بەوەی خودا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە فاسق و لەسنوور دەرچوون}. پاشان ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتی: سوێند بە خودا، ئەم فەرمایشتانەی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەربارەی ئەوان دابەزیووە؛ کاتێك دەفەرموێت: {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمِ الْكَافِرُونَ} [المائدة: 44] واتە: {و هەرکەسێک دادوەری نەکات بەوەی خودا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە کافرن}. و {...فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ} [المائدة: 45] واتە: {...ئا ئەوانە ستەمکارن}. و {...فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ} [المائدة: 47] واتە: {...ئا ئەوانە فاسق و لەسنوور دەرچوون}، و خوای گەورە -عز وجل- مەبەستی هەردوو هۆزەکە بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65300

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee